خەزەڵی: باشترین شت بە خەڵکی کوردستان پێوەستبونیانە بە عێراقێکی فیدراڵیەوە نەک جیابونەوەیان

قەیس خەزەڵی، سەرکی گروپی عەسائیبی ئەهلی هەق ڕایگەیاند، نامەنتیقیە کە بەرپرسانی هەرەم داوای هەمو شتێک بکەن بەبێ ئەوەی هیچ شتێک تەسلیم بکەن و داهاتی نەوت رادەستی بەغداد ناکەن و بە نرخی خۆ دەیفرۆشن. دەشێت، "باشترین شت بە خەڵکی هەرەمی کوردستان پێوەستبونیانە بە عێراقێکی فیدراڵیەوە نەک جیابونەوەیان".

قەیس خەزەڵی، ئەمە شەمە لەوتاری نوێژی جەژندا ڕایگەیاند، کێشەی بنەڕەتی کە تەواوی کێشکانی لێیەوە سەرچاوە دەگرن ئەوەیە، زەرینەی بەرپرسانی هەرەم بەوایان بە عێراقێکی یەکگرتو نییە.
ئاماژەی بەوەشکرد، ڕێژەی هەژاری لە هەرەمی کوردستان زیاترە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق، ئامارە فەرمییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، زەرینەی پێنابەرانی عێراق لە دەرەوەی وڵات، خەڵکی هەرەمی کوردستانن.
خەزەڵی باسی لەوەشکرد، بەرپرسیارێتی دەوڵەت کارێکی هاوبەشە، هەمو خەڵکی عێراق بەبێ جیاوازی ماف و ئەرکیان هەیە، ئەی بەرپرسانی هەرەمی کوردستان، ئەو نامەنتیقیە داوای هەمو شتێک بکەن بەبێ ئەوەی هیچ شتێک تەسلیم بکەن.

ئەوەشیخستەڕو، حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتی نەوت رادەستی بەغداد ناکات و بە نرخی خوە دەیفرۆشێت، داهاتی دەروازە فەرمی و نایاساییەکانی رادەستی بەغداد ناکات. باشترین شت بە خەڵکی هەرێمی کوردستان پێویستبونیانە بە عەراقەکی فیدراڵیەوە نەک جیابونەوەیان.